# تەرم

حەسەن حسێن

**کەسەکان:**

**سامان: پیاوێکی تەمەن ٤٠ — ٥٠ ساڵ، قژی بۆیاخ کراوە.**

**سەروەت: پیاوێکی تەمەن نزیکەی ٣٥ ساڵ.**

**سەردار: لەوان گەنجترە.**

**موراد بەگ: پیاوێکی بەتەمەن دیارە.**

**عەباس ئاغا: لە تەمەندا لەمورادبەگەوە نزیکە.**

**کارەکەر: ئافرەتێکی گەنجە.**

## پەردە(١)

سەرشانۆ ڕیزێك قەنەفەی گرانبەها و دەوڵەمەندانە بە نیوەبازنەیی دانراوە کە ڕووی کراوەی بازنەکە بە ڕووی جەماوەردایە. لەبەردەمی قەنەفەکاندا تەپڵەك دانراوە. لەناوەڕاستی قەنەفەکاندا تابوتێکی سندووقی دانراوە. لەپشتەوەی قەنەفەکان مێز و کورسی ئیداری دانراوە، کە پێکهاتوون لەکورسییەك و مێزێکی گەورە کە لەبەردەمیدا لەلای ڕاستی کورسییەکەوە مێزێکی بچوکتر هەیە کە قاسەیەکی لەسەرە. هەردوو مێزەکە بوونەتە پیتی ئێلی ئینگلیزی بەدەوری کورسییەکەدا. لەپشتی کورسییەکەوە سەعاتێك هەڵواسراوە کە ئیش ناکات. لەلای ڕاستی شانۆ پەنجەرەیەك هەیە و پەردەکەی لادراوە.

مورادبەگ (قاتێکی ڕەشی گرانبەها و شیکی لەبەردایە) لەسەر تاکێك قەنەفە دانیشتووە و هەردوو دەستی لەسەر دەسکی قەنەفەکە و قاچی لەسەر قاچ داناوە و سەیری تەرمەکە دەکات.

عەباس دێتەژوورەوە (قاتێکی ڕەش و کراسێکی بێملیوانی لەبەردایە، ڕیشی هەیە.)

عەباس: ڕۆژباش

موراد: ڕۆژبـــــــــــاش

عەباس لەسەر قەنەفەیەك لەدووری مورادەوە دادەنیشێت

عەباس: لەکەییەوە لێرەیت؟

موراد: جا لەکەیەوە لێرە نیم؟ لە نیوەشەوەوە لەم ژوورەدا بەدیار ئەم تەرمەوەم. تۆ باش خەوتیت!

عەباس: خەوی چی! ئەم تەرمە بۆتە مۆتەکەیەك و ناهێڵێت چاوم بچێتەخەو.

عەباس: کەسی لێ نییە؟

موراد: چوون لای ئەفسەری لێکۆڵینەوەئ یفادەبدەن.

لەم کاتەدا کارەکەر خۆی دەکات بەژووردا، گسکی کارەبایی پێیە، وایەری گسکەکە دەکاتەوە و دەیەوێت گسك بدات. بەڵام کەئەمان دەبینێت، دەسڵەمێتەوە.

کارەکەر: ڕۆژتان باش. ببوورن نەمزانی لێرەن.

کارەکەرەکە وایەری گسکەکە کۆدەکاتەوە و پاشان ڕوودەکاتە عەباس و موراد:

کارەکەر: چی دەخۆنەوە؟

موراد: قاوەیەك

عەباس: چایەك بۆ من بێنە.

کارەکەر: هەر ئێستا.

کارەکەر دەچێتەدەرەوە.

موراد: بڵێیت ئەمڕۆ بینێژن؟

عەباس: پێدەچێت هەتا مامیان لەخاریج نەیەتەوە نەینێژن.

موراد: ئێ باشە، وا ئەم مامەیان هەر نەگەیشتەوە، خۆ ناکرێت ئێمەش لە ئیشوکار بین و هەر بەدیار ئەم تەرمەوە بین.

عەباس: قسەی جەنابتە موراد بەگ. بەسەری تۆ منیش سەرم زۆر قاڵە و مەشغەڵەتی ئەم جەنازەیەش لەملاوە بوەستێت.

سامان دێتەژوورەوە و قاتێکی ڕەشی شیك و گرانبەهای لەبەردایە.

سامان: ڕۆژتان باش

موراد و عەباس (پێکەوە): ڕۆژ باش

موراد دەیەوێت لەجێی خۆی بجوولێت. سامان خێرا دەگاتەسەری و دەست دەخاتەسەر دەستی و ناهێلێت لەبەری هەستێتەوە.

سامان: ببوورە خەجاڵەتم.

سامان لای مورادەوە دادەنیشێت.

لەم کاتەدا کارەکەرەکە دێتەژوورەوە و سینییەکی به دەستەوەیە و بەڕیزەوە فنجانێك قاوە و پەرداخێك ئاو لەبەردەم موراددا دادەنێت و پیاڵەیەك چا و پەرداخێك ئاو لەبەردەم عەباسدا دادەنێت. ڕوو دەکاتە سامان.

کارەکەر: گەورەم هیچ ناخۆیتەوە؟

سامان: چایەکم بۆ بێنە.

کارەکەر: بەڵێ باش.

کارەکەر دەڕواتەدەرەوە. موراد و سامان بەئەسپایی دەکەونەقسە.

زەنگی مۆبایلەکەی عەباس لێدەدات. عەباس مۆبایلەکەی هەڵدەگرێت.

عەباس: ئەلو... بەڵێ.

عەباس هەڵدەستێتە سەر پێ و کەمێکی تر لەوان دوور دەکەوێتەوە؛ وەك ئەوەی بیەوێت ئەوان گوێیان لە قسەکانی نەبێت.

عەباس (بەدەنگێکی نزم): چەکەکەت لە سکرتێرەکە وەرگرت؟

(دوای کەمێك)

عەباس: دەباشە هەرئێستا بڕۆ حسابەکە سفربکەرەوە. با ئەم فایلە داخەین.

کارەکەر دێتەژوورەوە سینییەکی بە دەستەوەیە و پیاڵەیەك چا و پەرداخێك ئاوی لەسەرە و لەبەردەم ساماندا دایدەنێت و دەڕواتەدەرەوە. عەباس سەرقاڵی تەلەفۆنەکەیە. موراد و سامان قسەدەکەن.

سامان: من خەمی ئەوەمەئەم فایلەوا بەئاسانیی دانەخرێت. چونکەهێشتا ئیفادەی پزیشکەکەش ماوە.

دەترسم ئەو شتێك بدركێنێت.

موراد و سامان دەنگیان كز دەبێتەوە (پانتۆمیم). دەنگی عەباس دێت.

عەباس: خەمی هیچت نەبێت. من چیت پێ دەڵێم ئەوەبكە. قابیلە ئەو وردەشتانە لە دەستم دەرچن.

پاش كەمێك

عەباس: دەی تەواو خواحافیز.

عەباس ئاوڕ لەموراد و سامان دەداتەوەو دەچێت لەشوێنەكەی خۆی دادەنیشێتەوە. ئەوان بە چپە خەریكی قسەكردنن. لەم كاتەدا سەروەت دێتەسەر شانۆ. سەروەت قاتێكی ڕەشی لەبەردایە.

سەروەت: ڕۆژتان باش.

هەموو پێكەوە: ڕۆژباش.

سەروەت دەچێتە لای عەباسەوە دادەنیشێت.

عەباس: چی بوو؟

سەروەت: شتێكی وا نەبوو. ئەفسەرەكە هەندێك پرسیاری لێ كردم. چۆن مرد؟ بەچی مرد؟ كە مرد كێی لا بوو؟ لەوە دەچێت گومانی لە مردنەكەی هەبێت.

عەباس: تێگەییشتم، ئەم پرسیارانە هەمووی ڕۆتینین.

سەروەت: من خەمی ئەوەمە...

سەردار دێتە سەرشانۆ . جلێكی كوردیی لەبەردایە. تووڕە دیارە.

سەردار: ڕۆژتان باش

هەموو پێكەوە: ڕۆژباش.

سەردار لەسەر تاكی قەنەفەیەك لەدووری ئەوانەوە دادەنیشێت. موراد و سامان، عەباس و سەروەت پێكەوە بەورتە قسەدەكەن. سەردار، شپرزەیی پێوە دیارە.

سەردار: تاکەی ئەم تەرمە لێرەدا بێت؟

سەرووەت: برا سەبرت هەبێت. ئەگەر تا سبەی نیوەڕۆ مامم نەگەیشت. ئەوا دەینێژین.

سەردار: کاکە من خەمی ئەوەمە بۆن بکات و ئەو کاتەش کەس توانای ناشتنی نەبێت.

سامان: بەئەدەبەوە قسەبکە. ئەمە تەرمی مرۆڤێك نییە بۆن بکات.

موراد: ڕاستییەکەی هەر بۆنکردن نییە.

سامان: ئەی چییە قوربان؟

موراد: مانەوەی ئەم تەرمەلێرەدا بۆ نەفسییەتی ژن و منالەکانی ئەم مالە خراپە.

عەباس: هەر ئێستا لەناو ژن و منال و خزمەتکارەکانیشدا دەنگۆی ئەوە هەیەکە تارماییەکەی بەناو مالەکەدا دەسووڕێتەوە. تەنانەت دراوسێکانیش باسی ئەوە دەکەن.

سەرووەت (سەری با دەدات و بە دەنگێکی سۆزدارانە و وەك نوزەنوزەوە): بەڕێزان! بەڕێزان! تارمایی چی و شتی چی؟ لاشەیەکی ساردوسڕ ببێتە تارمایی؟ ئەمە کەی لەگەل ئەقلدا دەگونجێت؟

سامان: موراد بەگ و عەباس ئەغا بەڕاستی ئەم چەند ڕۆژە ئێوەمان ماندووکردووە. بەلام دەسەلات نییە. مامم گوتویەتی مەینێژن تا دەگەم.

سەردار: هەتا ئەم تەرمەلێرەدا بێت ژیان لەم مالەدا ئاسایی نابێتەوە.

سامان: تۆ ژیانی ئاساییت لەم مالەدا نەهێشت.

سەردار: تۆ تەماشا تا خاوەنمال دزی گرت، دز خاوەنمالی گرت.

سامان: نەخێر تۆ قەت ساحیب مال نەبوویت و خۆت بەساحیب مال نەزانیوە. هەر بۆیەباوکم هیچ ئومێدێکی بەتۆ نەبوو. تۆ...

سەردار: بەلی، تۆ خۆت خۆشەویست دەکرد لای باوکم و خۆت وەکو کوڕە دلسۆز و شوێنگرەوەکەی نیشاندەدا.

سامان : من ئەرکی کوڕەگەورەییم جێبەجێ کردووە. بەڵام کەسیش ڕێگر نەبووە لە تۆ کە دڵی باوکم لە خۆت ڕازی بکەیت. تۆ ڕۆژێك لەماڵەوە و دەڕۆژ بەلەسە دەبوویت. قسەم پێ مەکە، باوکم لەداخی تۆ دڵی تەقی.

سەردار: نەخێر، هیچ وانییە. دەستە چەورەکەی خۆت بە منا مەسڕە. ئەو شەوەی باوکم مرد کێی لابوو؟

سامان: قابیلە تۆ لەلای بوو بیت. هەر من و سەروەت بووین.

سەردار: ئەی کێ موغەزیبەکەی لێ گرتەوە و بەبڕیاری کێ خوێنەکەی تێ نەکرا؟

سەروەت(هەڵ دەداتێ): سەردارە فەنی! ئەم قسانە چین؟ ئەی تۆ لەکوێ بوویت؟ سەرەڕای خزمەتی باوکمان بۆ تۆمەتباریشمان ناکەیت؟

عەباس: ڕۆڵەئەم قسانە چین دەیانکەیت؟ تۆ ئاگات لە خۆتە چی دەڵێیت؟

موراد: ڕۆڵە تۆ ئەگەر ئاگات لەباوکت بووایە ئەم قسانەت نەدەکرد. بەر لەوەی موغەزیبەکەی تەواو بێت ئەو تەواو ببوو. پزیشکەکان وتیان لەڕووی کلینیکییەوە ئەم پیاوە مردووە و ناکرێت چیی تر بەم ئازارەوە بمێنێتەوە. هەر بۆیە خوێنەکەشیان تێ نەکرد. ئەمە بڕیارێکی سۆزداری بوو بەرانبەر باوکتان.

سەروەت (بەخۆبەزلزانییەوە): سەردار! کوڕم تۆ سەرگەردانیت! نە دەزانیت چی دەڵێیت و نە دەشزانیت لە ژیانتا چیت دەوێت.

سەردار: من دەزانم چیم دەوێت، من...

سامان هەڵدەسێتە سەر پێ: بەسە بیبڕەوە. تۆ دەتەوێت من و سەروەت لەم ماڵە دەربەڕێنیت و بۆت تەخت بێت. بەڵام تۆ هێشتا من ناناسیت.

سەردار هەڵدەسێتە سەرپێ: بەتووڕەییەوە ئێوەش هەر ئەوەتان دەوێت. بەڵام دەرینابڕن و شێروڕێویی بۆ دەهێننەوە. بۆ من نازانم لەگەڵ موراد بەگ و عەباس ئاغادا خەریکی چین!

موراد لەسەر کورسییەکەی هەڵدەسێت و بەرەو لای سەردار دەچێت و دەست دەخاتەسەر شانی.

موراد:

- وەك منداڵەسەر شێتەکەی جاران ڕەفتار دەکەیت. ڕۆڵە ئێمە دراوسێی دەیان ساڵەین. تۆ لەدایکنەبیوویت ماڵتان هاتەئەم گەڕەکەوە. لەگەڵ باوکی مەرحومتا بەپێی شەرع و یاسا پێکەوە وەکو برا بازرگانیمان کردووە. بەڵام تۆ هێشتا لە بزنس تێناگەیت.

عەباس هەڵدەسێتەسەر پێ و بەرەو لای سەردار دەچێت و دەست دەخاتەسەر شانەکەی تری سەردار.

عەباس:

- موراد بەگ ڕاستدەکات. (بەشێوەیەکی زۆڵانە) ڕۆڵەگیان! کە لە شتەکان تێناگەیت بێدەنگ بیت باشترە.

سەردار بەتووڕەییەوە دەستی هەردووکیان لەسەر شانەکانی دەهێنێتەخوارەوە و دەچێتەدەرەوە.

سامان ڕوودەکاتە هەمویان: چاوتان لێیە بەڕێزان! ئەمەئەخلاقێتی، ئەوەئیتر دەچێت خیش دەکات.

لەم کاتەدا کارەکەر دێتەژوورەوە.

کارەکەر: گەورەم نانی نێوەڕۆ حازرە.

هەر چوار پیاوەکەبەدەم قسەکردنەوەدەچنەدەرەوە.

+ + +

**پەردەی دووەم**

بەشەکانی سەر شانۆ تاریکە. قەنەفەکان و دیکۆرەکە وەك خۆیەتی. تابووتەکەش لەجێی خۆیەتی. سەرروەت و سامان خەریکن مێزی قاسەکە پاڵپێوەدەنێن و دەیانەوێت بیبەنە دەرەوە. سامان مێزەکە ڕادەکێشێت و سەروەتیش پاڵی پێوەدەنێت، ماندوون و لەهەمان کاتیشدا دەترسن و سەیری ئەملاو لا دەکەن. لەڕۆیشتن بەردەوامن و لەلایەکی شانۆکە نزیك دەبنەوە. لەم کاتەدا سەردار خۆی دەکات بەژووردا و بە دەنگی بەرز

.

سەردار: بۆ کوێ؟

سامان(بەهەناسەبڕکێوە) : بۆ ژوورەکەی ئەودیو. هاوارمەکە نیوەشەوە، با حەیامان نەچێت.

سەردار: ئێوەحەیاتان بۆ هێشتووینەتەوە؟

سامان و سەروەت دووبارەدەست دەکەنەوە بە پاڵنان و ڕاکێشانی مێزەکە. سامان لەپێشەوەی مێزەکە ڕادەکێشێت و سەروەتیش لەدواوە پاڵی پێوەدەنێت.

سەردار دەچێتەبەردەم سامان و ڕێگریی لێ دەکات.

سەردار: دەزانن ئێوە زۆر بێشەرمن.

سامان پاڵ بەسەردارەوە دەنێت .

سامان: لاچۆ لەسەر ڕێگەکەم.

سامانیش پاڵ بەسەردارەوە دەنێت و چەقۆیەك دەردەهێنێت نوکەکەی ئاڕاستەی ملی سامان دەکات و بەدەم پاڵنانەوە لە سامان نزیکدەبێتەوە.

سەردار: لا ناچم. ئەگەر دەتوانیت بەسەر ئەو لاشە بێگیانەدا(بە دەستێکی ئاماژە بۆ تابووتەکە دەکات) هەنگاو بنێیت. ئەوا من هێشتا جەستەیەکی زیندووم.

سامانیش پاڵ بەسەردارەوە دەنێت و دەست دەبات بۆ کەلەکەی و دەمانچەیەك دەردەهێنێت و ئاراستەی سەرداری دەکات.

سامان: من باکم نییە هەر کەسێك بێتە سەر ڕێگەکەم، براکەشم بێت تەختی دەکەم.

لەم کاتەدا سەروەت ڕادەکاتە نێوانیانەوە و وەك ئەوەی ناوبژییان بکات بەڵام دەستیش دەبات بۆ کەلەکەی و دوو دەمانچە دەردەهێنێت و لوولەی هەر دەمانچەیەکیان ئاراستەی کەسێکیان دەکات.

سەروەت: براینە ئەم مەسەلەیە ئاوا حەل نابێت. دەی هەردووکتان دەستتان داگرنە خوارەوە.

لەم کاتەدا کارەکەرەکە بە مۆمدانێکەوە کە چەند مۆمێکی داگیرساوی لەسەرە، خۆی دەکات بەژووردا. کە

دیمەنەکە دەبینێت هاواردەکات.

کارەکەر: خەڵکینە فریامان کەون.

عەباس و موراد بە ڕاکردن دێنە سەرشانۆ.

موراد (بەتووڕەییەوە): ئەمە چییە دەگوزەرێت؟ عەیب ناکەن؟

عەباس: دەستتان داگرنەخواریێ داوەشێن! کەس پارە و پولی بۆ بەجێ نەماوە ئێوە نەبێت. تۆ سەیر چۆن خۆتان کردووە بە سینەمای ئەم گەڕەکە.

موراد و عەباس لێیان نزیکدەبنەوە و دەمانچەکان لەسامان و سەروەت و چەقۆکەیش لە سەردار دەسێنن.

سەردار (ئاماژەبۆ سامان و سەروەت دەکات و ڕوودەکاتە موراد و عەباس): لەمان بپرسە. ئەمانە خەریکی دزینی قاسەکە بوون.

سامان: بێئەدەب قسەی نابەجێ مەکە.

سامان (ڕوودەکاتەموراد و عەباس): ئێمە دەمانویست ئەم قاسەیە بەرینە ئەودیو. وتمان سبەینێ بەهۆی ناشتنی جەنازەکەوە ئەم ژوورە پڕدەبێت لە میوان و خەڵك. بۆچی ئەم قاسەیە بە بەرچاوەوە بێت.

سامان: ئەمە بیانوویەکە و هیچی تر. هەتا ئەم تەرمە لەم ژوورەدا بێت من ڕێگەتان پێ نادەم ئەم قاسەیە بەرنەدەرەوە.

سەروەت (ڕوو دەکاتەسەردار): سەردار! واز لەم هەڵەشەییەت بێنە، ئەگینا...

سەردار: ئەگینا چی؟

سەروەت: (بەشێوەیەکی زۆڵانە) لەهەموو شتێك بێبەش دەبیت.

سەردار: قسەی قۆڕ، ئەمە بە ویستی ئێوە نییە. من کوڕی ئەمماڵەم و بەشم لە هەموو شتێکدا هەیە.

سامان: بەشت هەبوو!!! ئەو ڕۆژەی ئێرەت بەجێهێشت و باوکم نەخۆش کەوت زۆر لە تۆ تووڕەبوو و وتی: سەردار لە میراتییەکەم بێبەری بکەن.

سەردار: نەخێر، شتی وا نابێت. ئەمە خۆتان درووستی دەکەن. درۆکردن بەدەم مردووەوە ئاسانە.

سەروەت: درۆ نییە نا، تۆمارە دەنگییەکەیمان لایە، بەمۆبایل تۆمارمانکردووە.

سەردار: شتی وا  نا بێت؟

سامان: هێی گەمژە! بوو و بڕایەوە.

سەردار: سامان تۆ دەمت داخە! ئەمە هەمووی موئامەرەیە و لەژێر سەری تۆدایە.

سەروەت: سەردار! پێت خۆشە گوێت لە دەنگە بەسۆزەکەی باوکم بێت کە بە شایەتیی هەر ئەم موراد بەگ و عەباس ئاغایە ئەو قسانەی کرد؟

سامان: لێی گەڕێ سەروەت! من وەك براگەورەیەك سەرفی نەزەرم هەیەو دەڵێم قەیناکا با هەر من باشتر بم و مەجالێکت پێ دەدەم، قیروسیا وەسێتەکەی باوکم دەشکێنم و بێبەریت ناکەم لەمیراتییەکە. بەڵام بەمەرجێك.

سەردار: من دەمەوێت گوێم لەو تۆمارە دەنگییە بێت.

سەروەت: چ چ چ!!! ئەگەر گوێت لێ بێت ئەوا دڵنیابە ئێمە وەسێتەکە جێبەجێ دەکەین.

سەردار: یەعنی چی؟

سامان: یەعنی ئەوەی واز لە هەقی خۆت لە گوێگرتن لە وەسیەتە تۆمارکراوەکە بێنیت. بۆ ئەوەی هەقی خۆتت لە میراتییەکە بەربکەوێت.

سەروەت: بەپێچەوانەوە ئەگەر بڵێیت هەقی خۆمە گوێم لەتۆمارە دەنگییەکە بێت، کە هەقی خۆشتە، ئەوا هەقت لە میراتییەکەدا نامێنێت.

سامان : بەم جۆرە دەتوانین بەبێ کێشە میراتییەکە لەنێو هەر سێکماندا بەشبکەین.

سەردار دەستی بە ناوچەوانییەوەیەتی وەك بڵێیت سەری گێژ بخوات.

لەم کاتەدا کارەکەرەکە کە لای پەنجەرەکەوە وەستاوە و هێشتا مۆمدانەکەی بەدەستەوەیە و مۆمەکان

داگیرساون . کارەکەر ڕوودەکاتە سامان .

کارەکەر: لەنێوان هەرسێکتاندا نا، بەڵکو لەنێوان هەر چوارتان.

سامان (بەتووڕەییەوە): چوارەم کێیە؟ تۆ چیت وا قسەدەکەیت؟

کارەکەر: چوارەم کۆرپەکەی ناو سکمە کە ئێوە دەبنە برای ئەو.

هەموویان دەحەپەسێن و سەیری کارەکەر دەکەن.

سامان: نا، ئەم سوپرایزە کامێرای شاراوەیە. وەڵا هەر ئەمەمان مابوو.

سەروەت: کچێ ناشێت لەملاولا کەتنت نابێتەوە و بیهێنیت بەسەر باوکما. ڕاستە باوکم کەمێك ئەملاو لای هەبوو، بەڵام کار بگاتە کارەکەر!!! (بەسووکایەتییەوە) ئەقڵم نایبڕێت.

کارەکەر (ڕوو دەکاتە سەروەت): ڕێزی خۆت بگرە. من شەو و ڕۆژ لەمماڵەدا بووم و نەچوومەتە دەرەوە. خۆشت چاك دەزانیت خۆتان هەمیشەچاوتان لەسەرم بوو، بەڵام ترسی باوکتان هەبوو. ئەی لە خۆتان نەدەپرسی باوکتان بۆ دەمپارێزێت لێتان؟

سەردار : سەیری ئەخلاق چۆن باری کردووە لەم ماڵەدا.

کارەکەر: ئەخلاق بارینەکرد، ئێوەخۆتان بەپاڵ کردتانە دەرێ.

کارەکەر بەرەو لای هەر سێ کوڕەکە دەچێت کە هێشتا بەدیار مێزەکەوە وەستاون و بەدەم قسەکردنەوە یەکەیەکە سەیریان دەکات و ڕووناکیی مۆمەکانیان تێ دەکات.

کارەکەر: بەڵێ کار گەییشتە کارەکەر. مەگەر ئێوەش کەمتان بەکارەکەرەکانی تر کرد؟ هەموویان لەتاو چاوحیزی و داوێنپیسیی ئێوە هەڵهاتن. تیایاندا بوو دووگیان بوو. بەدووری مەزانن ڕۆژانە ئەو مناڵانەی لەبازاڕدا بەلایاندا تێ دەپەڕن منالّی خۆتان نەبن لەو کارەکەرانە. کەچی ئێستایش خۆتان دەکەنە مامۆستای ئەخلاق و تۆمەت دەبەخشنەوە بەسەر کارەکەرەکاندا.

کارەکەرەکە لەوان دوور دەکەوێتەوە و دەچێت بۆ لای پەنجەرەکە، مۆمدانەکە لەسەر پەنجەرەکە دادەنێت و پشتدەکاتە ئەوان و پشتدەکاتە تەرمەکەش، بەڵام ڕێکی تەرمەکە دەوەستێت، بەشێوەیەك کە ئەم

ڕاوەستاوە و تەرمەکەش ڕاکشاوە گۆشەیەکی وەستاو پێکدەهێنن، ڕوو بەجەماوەر دەوەستێت. دەست بە سکیدا دەهێنێت و سەیری سکەکەی دەکات و قسەی بۆ دەکات و ئاگای لەوان نامێنێت.

کارەکەر: ڕۆڵەگیان ڕاستە تۆ بەشت هەیە لە میراتی و لەم ماڵوحاڵە، بەڵام ناهێڵم بەشت هەبێت لەئەخلاقی ئەوان. نایەڵم تۆ وەك ئەوان دەربچیت. دەبێت تۆ جیاواز بیت.

لەم کاتەدا هەر پێنج پیاوەکە خەریکی ڕاکێشڕاکێشی مێزەکەن، عەباس و سەروەت دەیانەوێت بیبەن بۆ لایەکی شانۆکە و موراد و سامانیش دەیانەوێت بیبەن بۆ لایەکەی تر. سەرداریش هەردوو دەستی بەپانایی مێزەکە درێژدەکات و لەهەر جارێکدا کە لایەکیان بەهێزتر دەبێت  ئەو لەگەڵ ئەو لایەنەیاندا مێزەکە دەبات. لەم کاتەدا ڕەشەبا پەردەکە دەجوڵێنێتەوە و بەر مۆمەکان دەکەوێت و پەردەکە دەسووتێت. پیاوەکان هەر خەریکی ڕاکێشانی مێزەکەن و ئاگرەکەیش دەتەنێتەوە. (سینۆگرافیا).

کارەکەرەکە پشتی لەوانە و، وەك ئەوەی ئاگای لەو ململانێیە نەبێت لەسەر قسەکردن لەگەڵ سکەکەی بەردەوامە.

کارەکەر: ڕۆڵەگیان ئەگەر نەشمتوانی بەخێوت بکەم ئەوا دەتبەخشمە یەکێك لەو خوشك و برایانەت. (لەم کاتەدا پەنجە بۆ جەماوەر درێژ دەکات.)

کۆتایی

# ئەم تەرمە بۆنی دێت قوربان!

سورێن ئیبراهیم

شانۆگەرییەکی ڕەشوسپیی تەلەفزیۆنی کەرکوکی ساڵانی هەشتا هەبوو، لەم دووایییانەدا هەمیشە تەلەفزیۆن پەخشی دەکردەوە، کابرا یەکبینە دەیوت: ئاغا کوا پەنجا فلسەکەم، پەنجا فلسەکەم، پاشان درێژەی دیمەنەکە و پارازێتی تەلەفزیۆنێکی شەقوشڕی بیژان، لاربوونەوەی وێنەکان و و سکی کابرا بۆ لای دەستی ئاغا: پاشان دیسان پەنجا... فلس... فلس...فلس...! ئیتر لێرەدا دەبوو بە تێکەولێکە و قڕە!

هونەر پەرچبوونەوەی وێنەی کۆمەلایەتیی و سیاسیی و خێزانیی و فەرهەنگییە لەسەر کاغەز، بەڵام چۆن؟

ئەرەستۆ دەیوت: هونەر تەنها ئیشی دووبارە خولْقاندنەوەی ژیان نییە، بەڵکوو خولْقاندنی ژیانێکە کە پێویستە ببێ. ئەرەستۆ لێرەدا ئەرکی جوییینەوە و وڕێنەکردنەوەی واقیع نادات بە هونەر، بەڵکو ئەرکێکی تری پێ ئەسپاردە دەکات، "تەواوکردن" واقیع لەسەر کاغەز دەبێت تەواو بکرێت، زۆربەی کێشەی شانۆنووسی گەورە "برتۆڵت برشت" لەگەڵ تیۆرسێن و هاوسەردەمانی خۆیشی

دەربارەی هونەر و واقیع هەر ئەم خاڵە بووە، برشت وای دەبینی کە هونەر تەنها ئاوێنەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو "چەند" ئاوێنەیەکی تایبەتە! مەبەست لەوەیە واقیع بەپێی ئاوێنەیەکی ڕووتەخت کوتومت نانوێنرێنێتەوە، بەڵکوو بەپێی چەندین ئاوێنەی گرنجگرنج و زبر و هاووێنەی درێژکوولە و کورتیلە و پانۆڵە و فێلاویی و ڕەمزگەرا وێنەکان پەرچ دەکاتەوە، ئاوێنەیەکی ڕەق و کۆنکرێتیی نا، بەڵکوو شل. دەستکاریکراو، گۆڕدراو. هەندێک تیۆری ڕەخنەی ئەدەبیی تەنها وەک کۆمەڵێک کاراکتەری کاغەزیین مامەڵە لەتەک دەقدا دەکەن، لێرەدا شتێک دێتە ناوەوە، بەرپرسیارێتیی ئەدەبیی چی لێ دێت؟ بەڵام هونەر ڕوویەکی هەم زانیارییبەخش و ئەپستمۆلۆژیانە و هەم ڕوویەکی ڕزگاردەرانەشی هەیە، گەر یەشار کەمال نەبا ئێمە کوێرا دەمانزانی دۆخی چوقورئاواکان چۆن دەبوون، یان بالزاک و دیکنز و تۆڵستۆی و... نووسەر چۆن دەتوانێ لە کاتێکدا قاوە دەخواتەوە بڵێت من سیاسیی نیم، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو چوارچێوە و سازییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە چییە وای کردووە ئەو بتوانێ دانیشێ و قاوە بخواتەوە، هاوڕێکەشی نان نەبێت بیخوات؟! چون لەوە تێناگات یان خۆی گێل دەکات کە: لەگەڵ جوڵەی مێژوودا ژێرخانیش هەمیشە سەرخانی خۆی درووستدەکاتەوە، جا چ سازکردنەوەی بەرهەمی هونەری بێت، یان ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان. دەکرێ بێژین نووسین پلەی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤە بەرانبەر دەرکەوتەکانی بوون و سیاسەت و خێزان و کۆمەڵگە و ئابوری.

ئایا دەتوانین بەم وێنەیەی چیرۆکی "بزن"ـی یەشار کەماڵ بڵێین بێلایەن و نابەرپرسیار کە: تێکڕای خێزانێکی کۆڵێتنشین چاوەڕێی گوانی داچۆڕاوی تاقانە بزنەکەیان دەکەن، بزنەکەش هەر گیاکە دەجوێت و دەجوێت. کەواتە دەتوانین لەگەڵ ڕەخنەگری ڕوسی "تشیرنیشفسکی"دا بێژین: شت ئەو کاتە جوانە کە ژیانمان بیربخاتەوە! هونەر بەپێی ڕێڕەوی خۆی وێنە و ڕووداو و باری کۆمەڵایەتی لەسەر کاغەز دەدەڵێنێتەوە، بەڵام چ مێژوویەک "مێژووی فەرامۆشکراو" مێژووی تاکەکان لەبەردەم دەعبایەکدا کە هەموو شتێکی ئەوان دەهاڕێ نەک "مێژووی دەرباران."

مرۆڤ هەموو سەردەمێک لە دایک دەبێتەوە، باشترە بڵێین سازدەکرێتەوە، چونکە واقیعی دیالەکتیکی هەمیشە لە پێکدادانێکی بەردەوام و نەپساوەدایە. مادام بوون لە گۆڕاندایە، کەواتە هونەریش خاوەن و جوڵەیەکی دیالەکتیکییە. هاتنی بێرەحمانەی مارێنز و چاپخانە و بەنزینخانەکانی ئیمپریالیزم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوای خۆیدا هەژگێک لە پێدراو و سازیی نوێی هێنا. "ئەدەبییات لە سەردەمی نەوت و بازرگانیی چاییدا!" لەدایکبوونەوەی وشە لە بەستێنی تازەی خۆیدا: گوڵ و چیا و هەورامان لە شیعری

گۆران، گڕ لای شێرکۆ و گوو لە دوای هاتنی بەڵای نەوت بۆ کوردستان، ئەو پەیوەندییە سەیرە چییە لەنێوان پاشەڕۆی مرۆڤ و نەوت و خۆکوژیی و عەبەس لە شیعری نەوەتەکاندا هەیە.؟!

دەلاندنی ئەو زبری و پێکدادانە زیهنی و جەستەییە، گواستنەوەی ئەو وێنانەی دۆخی هەمیشە گۆڕدراوی واقیعی کۆمەلایەتی، وەستان لەسەر ئەم زبرییەی خێزان و چوارچێوە و سازیی خێزانی کوردی، لەو لایەنە سەرنجڕاکێشانەی ئەم کورتە شانۆیەن، لە شانۆی جیهانیدا ئۆگۆست ستریندبێری یەکێکە لەو نوسەرانەی کە بە شێوەیەکی باڵکێش ئەم زبری و پێکدادانەی خێزانی سویدیی نیشانداوەتەوە.

لەم شانۆنامەیەدا کەس بێتاوان نییە، تەنانەت مردووانیش! لە هەمان کاتدا هەمووانیش بوون بە بووکەڵەی بەسەماهاتووی دەستی سندووق و تابووت.

هەر دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە ڕستێک نیشانە و هیمای زمانی، زمان دیاردەیەکی داخراو نییە بە ڕووی خۆیدا کە وێنە و هێما و پەرەگرافەکان لە ناو خۆیدا پەرچ بکاتەوە. چونکە لە بنەڕەتدا کۆی تێکست گورزێکی چلچلی پێچەڵپێچی نیشانەیە کە پەرچ دەبێتەوە بۆ دەرەوەی خۆیای و دیاردەکان دەدەڵێننەوە، هەمیشە زمان نیشانەیە بۆ دەرەوەی خۆی! لێرەوە ئەو بۆچوونەی زماناسی گەورە سۆسێر دەکەوێتە ژێر پرسیار کە پێی وابوو زمان سیستەمێکی داخراوە بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا و گوایە ئێمە بۆیە دەڵێین "بەرد" چونکە بەران نییە و بەردە. لەمڕۆدا و لە تێکستێکی ئەدەبیدا لەوانەیە وشەی "ئاگر" بۆیە ئاگر بێت چونکە ئاگر نییە و شۆڕشە. "چەک" بۆیە چەک بێت، چونکە چەک نییە و چیایە، پاشان لەوانەیە ئەو پێناسەیە هەڵگەڕابێتەوە کە پێی وابوو هەموو ناوەڕۆکێک فۆرمی خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، ئێستە زۆر جاران ناوەڕۆک هەر دەکاتەوە پێکهاتەی فۆرم، پێکهاتەکە لە فۆرمەکەدایە... زمان زیندەوەرێکی هەم خشۆک و هەم باڵفڕ و هەم پێرەوکەشە، باری کۆمەلایەتی و مێژوو یەکەیەکی دابڕاو نین لە گەشەی زمان، دەڵێن وەختی خۆی نووسەری ئیتاڵیی "ئەلبێرتۆ مۆرافیا" تا هاتنی فاشییەت بۆ سەر حوکم زۆر ڕیالیستی دەینوسی، بەڵام سیستەمی سیاسی ناچاریکرد ڕووبکاتە سوریالیزم و شەڕی سیستەمی فاشییەت بە پەیام و سیمبوڵ بکات. لەم کورتەشانۆیەدا سندووق نەک تەنیا سندووق نییە، بەڵکوو نیشانە و هێمایەکی کاغەزییە هەم بۆ بەڵای ناگەهانی پارە و هەم سیستەمی سەرمایەداری و هەم دەسەلاتی کۆنترۆڵکردنی هەست و نەستی مرۆڤ. "شەڕی براکان!"

سەرشانۆماڵێکی دەوڵەمەندە، دوو سندووق/تابووت/ لەم شانۆیەدا دەبنە بزوێنەری پێکدادانەکان، شانۆ سەرەتا بە نەرمییەک لە دیالۆگی کارەکتەرەکاندا دێتە پێشەوە، /نەرمییەکی درۆزن/ وردەوردە توند دەبێتەوە، لەم شانۆییەدا شەش کاراکتەر ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام دیوی پشتەوەی ئەم شانۆیە و ئەو کاراکتەر و هێزانە زۆرن کە ڕۆڵیان لە بیچمگرتن و سازدانی ئەو دۆخەدا هەیە، گرمش گرمش، برم برم، ڕاکێش ڕاکێشی کاراکتەران بە دەوری سندووقەکەی باوکدا، هەلەکەسەماشە بە دەوری تەوتەمی باوکدا کە هەر لەولاوە کەوتووە، نوسەر دەیتوانی بە هێڵێکی درامیی سەرنجڕاکێش /سندووق و تابووت/ـــەکە لە چاوی خوێنەر تێکەڵبکات، چون ڕاکەڕاک تەنیا بۆ پارەی ناو سندووقەکە نییە، بەڵکو هەڵپەڕینە لە دەوری تەرمی بۆنهاتووی باوک، ئەمە ئاماژەیە بۆ تۆڕی سیستەمێکی پێچەڵپێچی هەم هەستی و هەم مادی/ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و سێکسی و دیجیتاڵی و عەسکەری، چون ئیگڵتۆن واتەنی: "پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان بە شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی مادیی ئەوانەوە بەستراوەتەوە." بۆ ڕاسکۆڵینکۆفی کرێچیی و دەردزەدە لە خۆڕا پیرێژنێک دەداتە بەر تەور؟! "با کوشتنی پیرێژنەکەی ناوەوەی خۆیشی بێت." بۆ سامسا لە خەفەتی ڕۆتینی فەرمانگەکەی نەبوو بە قالۆنچە؟! لە کافکادا دارنینی سەرمایەدارانە دەگاتە سەر گۆڕینی فیزیکیی جەستەش، ئادۆرنۆ واتەنی ئەوەی تووشی حەپەسانمان دەکات واقیعیبوونی ئەم بەدگۆڕانەی سامسایە. هەڵبەزودابەز و گەشەی ئابوری /سندووق/ دەوری لە سازبوون و دروستکردنەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی کاراکتەرەکانی شانۆکەدا هەبووە. دواتر لەم کورتەشانۆیەدا مردنی باوک و جێهێشتنی سندووقی پارەکانی، وێنای ئەو دارنین و داشۆردنەی ئەخلاق و بەها و سیستەمی ئینسانی دەکات کە لەژێر هاشاوڵ و چەپۆکی "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری"دا داماڵراوە لە بەها ژیارییەکان، ئەو خێزانە باوکسالارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئۆجەلان پێی وایە پیاوەکانیان لە قوڕی جەهلدا چەقیون و گێژماخ دەکەن و دەبێت ژنەکان دەریانبێنن. "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری" نەک تەنها شکڵ و شێوەی شار و گوند و شەقامی "گۆڕی" بەڵکو باری سایکۆلۆژی و زمانی و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەم ناوچەیەشی "هاڕی".

تەرمەکە زیندووە، هەموو جوڵەکان ئەو ئاراستەی دەکەن. "باوک" تەرمی باوک کاراکتەری سەرەکییە.

هەموو ئەو پێدراوە جیاوازانە بوون بە گورزێک لە کاریگەری و ئەم تێکستەیان سازکردووە، سەرشانۆ بووە بە تابلۆیەکی تراژیدیی قوربانیان و وێرانبوون و ڕاکەڕاک و پەلکوتانی کوێرانەی

ئەو کاراکتەرانە.

کۆتادیمەن ئەو وەختەی کارەکەرەکە ڕووەو جەماوەر دەوەستێ و پشت لە تەرمەکە، پەردەکان ئاگردەگرن، لەوانەیە هەم نیشانە بێت بۆ  عیشوە و ناز و شەهوەت! هەمیش ژیانەوە، وێرانکردن، ئەی دەسەڵات؟ بۆ نا! "ئاگر!" پاشان ڕەشەبای سەر تەختەی شانۆ وەک هێمای ئاژاوە و پێکدادانی توندتر! بەزمی سیستەمێک کە نیازی نییە ئاوڕ لەو بیابانە بداتەوە کە سازیکردووە، وێرانە و چۆڵگەیەکی ئینسانی و ژینگەیی!

تەرمەکە بۆنی دێت و موراد بەگیش دەڵێت: ***"جا لە کەیەوە لێرەنیم؟ لە نیوەشەوەوە لەم ژوورەدا بەدیار ئەم تەرمەوەم...!"*** بەڵام هەر تەرمەکە نییە کە بۆنی دێت، زۆر شتی تریش بۆنیان دێت...

*وەرگیراوە لە ناونیشانی ڕۆمانی "دووپشک — لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک یان ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان-" نووسینی: حسەین مورتەزاییان ئابکەنار، لە  فارسییەوە : بەڕۆژ ئاکرەیی.